

زاهیر رۆژبەیانی

# گوناهی فریشتەیەک

## چیرۆکێک کە کۆتایی نایەت





مەهاباد قەرەداغی



مەهاباد قەرەداغی لە بواری شیعر و چیرۆک و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و رۆماننووسیشدا پتر لە بیست و پێنج کتێبی بڵاوکراوەی هەیە؛ ئەمە جگە لە دەیان یان سەدان وتار و چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی تر، لە بوارە جیاجیاکاندا، بە تایبەتیش لە بواری نووسینی کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، نەخاسمە مافەکانی ئافرەت کە مەهاباد خان چالاکوانێکی دیار و بەرچاوە لەم بوارەدا و لە کوردستاندا بە یەکێک لە سەرئامەدەکانی بزاڤی فێمینیستی و ئازادی رادەربڕین و سەربەستی ئافرەتان دادەنرێت.

هەر لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم مەهاباد مرۆڤێکی فرەبەهرەیە و بەخۆم دەستڕەنگینی ئەوم لە بوارەکانی وێنەکێشان و خۆشنووسی و چنین و دیزاینی جلوبەرگیشدا دیوە، رەنگە بەهرەی تریشی هەبێت، بەڵام زۆربەی کارەکانی لە بواری شیعردا بوون و لە لای خوێنەرانیش زۆرتر وەکو شاعیرێک ناسراوە، ئەگەرچی لە ئەنجامی دۆستایەتی ٢٥ساڵی و، بە هۆی خوێندنەوە و بەدواداچوونی بەرهەم بە بەرهەمی ئەوەوە، من پێم وایە کە بەهرەی مەهاباد لە بواری هونەری گێڕانەوەدایە، ئەگەرچی لە بوارەکانی تریشدا بەرهەمی بەرچاوی خستووەتەوە. مەبەستیشم لەم نووسینەدا؛ ئەگەرچی کورتیشە، هەر ئاشناکردنی خوێنەر نییە بە مەهاباد قەرەداغی چیرۆکنووس و رۆماننووس، بەڵکو کارکردنە بۆ ئەوەی مەهاباد خۆیشی بێتە سەر ئەو بڕوایەی کە پێشتر لە بارەی بەهرەی چیرۆکنووسیی ئەوەوە گوتم.

مەهاباد لە بواری هونەری گێڕانەوەدا لە کۆتاییی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا یەکەم چیرۆکی خۆی بڵاو کردووەتەوە، لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا رۆمانی کۆچ و پانزە کورتەچیرۆکی بڵاوکردەوە، کە لە ساڵی٢٠٠٤دا دەزگای ئاراس بە ناوونیشانی «مەرگی مرۆڤ و نیوێک» چاپی دووەمی لێ بڵاو کردەوە، لە ٢٠٠٥دا مەهاباد رۆمانی شیعریی «ئەڤین ئاوی ژیانە»ی بڵاوکردەوە، کە مێژوو و ناوی دەزگای بڵاوکردنەوەی پێوە نییە، لە ٢٠٠٧یشدا رۆمانی «زەنگدانەوە»ی لەسەر ئەرکی خۆی لە هەولێر بڵاو کردەوە، پێشتر لە ١٩٩٤یشدا کۆمەڵەچیرۆکێکی هەڵبژاردەی لە بەرهەمەکانی ژنەنووسەری بەنێوبانگی میسری(د. نەوال سەعداوی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەر لەو ساڵەدا لە «سوید» بڵاوی کردەوە. زۆربەی ئەم کتێبانە و ئەوانی تریشی لە پیتچنین و دیزاین و هێڵکاری و

هەڵەچنی مـەهـاباد خـۆین، بۆیە بـە دەگمـەنیش هـەڵەی چاپیـان تێدایە، ئەمـەش بەهرەیەکی تری مەهابادە و دەچێتە پاڵ بەهرە و چالاکییەکانی تری.

سـاڵی ٢٠٠٨یش چیرۆکێکی تری مەهـاباد قەرەداغی، بـە ناوی «هـەڵفڕین لە ئاتەشگەوە» بوو، کە بە هـاوبەشی لەگەڵ سـەمـەد ئەحـمەددا نووسیـبوویان لە «فیـستیـڤاڵی گەلاویژ»دا خـەڵاتی یەکەمی چیرۆکی بەدەست هێنا. کـەواتە بەم چیرۆکەی «گوناهی فـریشتـەیەک!»، بەرهـەمی مەهاباد لە بواری هونەری گێڕانەوەدا دەگاتە هەژدە چیرۆک و سێ ڕۆمان، کە لە مـاوەی پتـر لە بیـست سـاڵی ڕابردوودا بەرهـەمی هێناون، ئەمـەش پێم وایە، ئەزمـوونێکە شیاوی ئاوڕلێدانەوە و لەسەر وەستانە، بە تایبەت لە ئەدەبێکی وەکو ئەدەبی کوردیدا، کە چ وەک چەندایەتی و چ وەک چۆنایەتیش داهێنەری ڕاستـەقینەی ژنی تێدا ئەگەر دەگمـەنیش نەبێت، ئەوا بە ژمارە زۆر کەمن.

وەکـو مـیراتگرێکی شـیـاو و شـایەنی چیـرۆکنووسی فـەڕەنسی «گی. دی. مـۆپـاسـان»، بابەتی سـەرەکی چیرۆک و ڕۆمـانەکانی مەهـابادیش، ئەوانەی کە وەریشی گێڕاونەتە سـەر زمانی کوردی، بابەتی فێمـینیستی و داکۆکیکردنی هەمـەلایەنەن لە ژنە قوربانییـەکان، ئەو ژنانەی کە لە هەلومەرجی تایبـەتیدا دەکەونە بەرکار و کاردانەوەی کۆمەڵگەی دواکەوتوو و یا بە زۆر و یـا بە فـریودان لـە خـشـتـە دەبرێن و ئاکـام بە پێی پێـوەرەکـانی داوونەریت و بنەمـاکانی ئاینی باو، گرینگترین سـەرمایەی جەسـتـەییی خۆیان، کە پەردەی کچێنییـە، بە تایبـەتی و ئابڕووە بە شێـوەیەکی گشـتی، لە دەسـتی دەدەن، کە لە دیدی هەمـان کۆمـەڵگەوە نەک هـەر بۆ بەختەوەریی، بەڵکو بۆ بەردەوامی ژیانی ژنیش پێویستی ژیارییـن.

چیرۆکی «گوناهی فریشتـەیەک!»یش نەک هـەر لەم تێزە بەدەر نییـە، بەڵکو نموونەیەکی تیپیکاڵی ئەم کـارەساتە بازنەیییەیە کـە دەیان و سـەدان سـاڵە لە چەندین سـەرەوە هـەڕەشـە لە ژیانی ژن دەکات، بە تایبـەتییش ژنە جـوانەکان و لە پرۆسـەیەکی قێزەوندا ئەو سـامـانە جـوانـە خـوایییـەیان لە لایەن پـیاوە زۆردارو فێـلاوییـەکـانەوە لێ دەگـۆڕدرێت بە کـۆمـەڵێک ئازاری جەسـتەیی و ڕوحی و نەهامـەتی کۆمـەڵایەتی جۆراوجـۆر، کە زۆر جار بـە کوشـتن، یا بە خۆکوشتنی ژنەکە کۆتایی پێ دێت.

ناوونیـشـانی چیـرۆکەکـەی مـەهاباد هـەر بە ڕاسـتی نیوەی دەقـەکەیە، بریتـییـە لە دوو هـاودژە وشـە و نیشـانەیەکی سـەرسـوڕمـان(!)، کە نیشـانەیەکی چاپەمـەنییـە و یەکێک لە کارەکانی هـەڵگێڕانەوە یان پێچەوانەکردنەوەی واتا باو و فەرهـەنگییەکانە.



«گوناه» و «فریشته» دوو دژەوشەی سەر بە جیهان و کولتووری ئاسمانی و روحین و هەڵگری بەها و چەمکی ئاینی و رەوشتین، نەک واتا و حوکمی یاسای وەزعی هاوچەرخ، کە بە زاراوەکانی «تاوان، تاوانبار، تاوانلێکراو» گوزارە لە وەها رەگەزگەلێک دەکات، نەک «گوناه، گوناهبار و فریشتە و قوربانی»، کە داهێنانی کۆمەڵگەی هەر کۆنینەی مرۆڤایەتی دواکەوتوون، کەچی لەبەر زەبری ویژدانییان، ئەدەب هەر دەستبەرداریان نابێت.

خوێنەر لە خوێندنەوەی ناونیشانی چیرۆکەکەوە دەکەوێتە گێژاوێکی سەرەوخواری بێ کۆتاییەوە، گوناه تا بنی بنەوەی چەپەڵی غەریزە حەرام و یاساغەکان و فریشتە تا سەری سەرەوەی بەها ئاسمانییەکان پەلکێشی سەروخواری پێ دەکەن، تا بە یارمەتی نیشانەی(!) سەرسوڕمانەکە بۆی دەردەکەوێت نە «گوناه» و نە «فریشتە» لێرە لە پاڵ یەکتردا ئەو مانا فەرهەنگییە «قاموسییە» نابەخشن کە پێی راهاتووین، بەڵکو «گوناه» شتێک لە پاکیزەیی «فریشتە» دادەشکێنێ، بە پێچەوانەوە «فریشتە»یش شتێک لە وەقعی «گوناه» کەم دەکاتەوە، ئاکام نەگوناه لە شوێنە خەفەکراوەکان و نە فریشتە وەک بوونەوەرێکی ئاسمانی، دەمێنن.

راستیشە کارەکتەر و وەگێڕی «سارد»ی دەقەکە ناوی«(فریشتە»یە، بەڵام لە ناوونیشانی چیرۆکەکەدا نەگوتراوە «گوناهی فریشتە!»، بەڵکو نووسراوە «گوناهی فریشتە+یەک!»، ئەم پاشگری (-یەک)ەشە وا دەکات کە بیری خوێنەر هەر بە تەنیا بۆ «فریشتە»ی کارەکتەر و وەگێڕ نەچێت، بەڵکو دەرگەی ئیحتیمال لەسەر هەموو فریشتەیەک دەکاتەوە، کە لە هەموو بەها ئاسمانی و زەمینی و رەمزەکاندا، گوزارە لە رەگەزی «مێینە» دەکات. ئەو (-یەک)ە بۆ زیادکراوەیە کە حوکمی کۆ بە تاکی نادیار دەدات و دەیکات بە نوێنەری رەگەز، گشتگیرییەک بە بەسەرهاتێکی تاکەکەسی دەبەخشێت، کە ویژدان و ناخی خوێنەر بهەژێنێت و ئەو گوناه « تاوان»ە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار بزانێت، نەک هەر بە تەنیا لەسەر تاکە نادیارەکە، بەڵکو لەسەر خۆی و گشت مرۆڤایەتیش، ئیتر لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت.

ئەمەش پێم وایە یەکێکە لە پەیامە گرینگەکانی ئەدەب و هونەر بۆ ئەوەی تاک «کەسەکان» لەسەر حسابی بەها مرۆڤایەتییەکان جڵەو بۆ حەز و ئارەزووە غەریزەییە دزێوەکان شل نەکەن.

ئەم گێژەنگە هەر لە سنووری ناوونیشاندا ناسوڕێت و بەس، بەڵکو بە کرۆکی تەواوی

دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و وەکو گۆمێکی قووڵی وەستاو بەردێکی تێ فڕێ بدرێت، ئاوا شەپۆلانێک پرسیاری بازنەیی لە چەقی دەقەوە بەرەو کەنار دەنێرێت:

ئایا ژیان ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێت، یا ئەوەیە کە دەوروبەر بەسەریدا دەسەپێنێت؟ ئایا پاشەڕۆژی مرۆڤ ئەوەیە کە خۆی پلانی بۆ دادەنێت، یان ئەوەیە کە لە نێوچاوان نووسراوە و قەدەر بۆی دیاری دەکات و لەگەڵیدا لە دایک دەبێت؟ ئایا بەختەوەری ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی دروستی دەکات، یان ئەوەیە وەک هەندێک پێیان وایە کە لە ناخی مرۆڤ خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، یان هیچێک لەمانە نییە و هەر ئەوەندەیە کە دەوروبەر پێی رەوا دەبینێت، ئیتر ئەوە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە بێت، یان سروشتییەکە، یان هەردووک بە جووتە؟

لێرەشەوە ئیتر دەگەینە پرسیارە ئەزەلییەکانی وەک: ئایا مرۆڤ موسەیەرە یان موخەیەرە؟ ئایا چاکی و خراپی مرۆڤ بۆماوەییە یان ئەنجامی پەروەردە و کاریگەریی کۆمەڵ و داوونەریت و یاسا و رێسا و ئاین؟!

بەسەرهاتی «فریشتە» و ئەو خەون و نەخشەیەی ئەو بۆ پاشەڕۆژ و بەختەوەری دای دەڕێژێت و ئەوەی واقیع بەسەریدا دەیسەپێنێت، وەڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە دەداتەوە.

«فریشتە»ی هەرزەکاری شانزە ساڵانە لە گەرمەی بەهاری خۆشەویستی «میران»ی دڵداریدا دەژێت، خەونی رەنگاوڕەنگ بە خوێندنی رۆژنامەگەری و پیشەی شارستانی نوێی رۆژنامەگەرییەوە دەبینێت، کاتێک لە پڕ دەکەوێتە بەر گەرداوی دەسەڵاتدارێکی سەردەمەوە، دەسەڵاتدارێکی کە نەخۆشی دەروونی کە بۆ بەجێهێنانی ئەم حەزە ئیرۆسیانەی ژمارەیەک کۆشک و تەلار و پەناگە و ستافێکی جێکێشی، لە تەکنەلۆجیای هاوچەرخ ئۆتۆمۆبێل و گازی بێهۆشکەر و کامیرای ڤیدیۆیی هەیە، هەر کاتێکیش تامەزرۆیی لە نێچیرەکەی شکا ئەوجا دەیبەخشێتە هاوجۆرێکی تری برادەری خۆی.

فریشتە لە کاتێکدا بە بێهۆشی دەست کابرای دەسەڵاتدار دەکەوێت، کە دەیەوێت خزمەتێکی مرۆڤانە پێشکێش بە ژن و پیاوێکی بەساڵاچوو بکات، کە داوای لێ دەکەن لەگەڵیاندا سواری ئۆتۆمبیل بێت و لەسەر رێگەی خۆیەوە عیادەی پزیشکێکیان پیشان بدات، ئیتر بە گازی بێهۆشکەر بێهۆشی دەکەن و کاتێک بەهۆش دێتەوە خۆی لەسەر جێیەک دەبینێت لە کۆشکێکدا، لە رێی فیلمێکی ڤیدیۆییەوە بۆی دەسەلمێنن کە کچێنی لەدەست داوە و ئیتر بە کەڵکی کەسی تر نایەت و ئەگەر نەیەتە ژێر بار، ئەوا میرانی



دڵداری و دایک و باوکی لێ ئاگەدار دەکەنەوە. بەو جۆرە ئیبتیزازی دەکەن و هەموو خەونەکانی بەتاڵ و، سەرجەم ژیانی وەردەگەڕێ و تەواوی پێوەندییە سۆزداری و خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی فۆرمات دەبێت، لەوساوە تا ئێستا، کە ئێستای کوژرانی کابرای دەسەڵاتداری داوێنپیس، ساتەوەختی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەیە، ماوەی ١٠ ساڵی تەواوە، فریشتە ئەم دەست و ئەو دەستی پێ دەکرێت و بە بێ خواستی خۆی و بە ناچاری بە حوکمی جەستەی، خۆی لە تۆڵەی کەسوکار و کۆمەڵ دەپارێزێ و درێژە بە ژیانی پڕ لە شەرمەزاری دەدات.

بەسەرهاتی فریشتە، بەسەرهاتی ژنە کارەکەرەکەی ڕۆمانی «حەریم»ی فۆکنەر وەبیر دەهێنێتەوە، کاتێک کە خاوەن کێڵگە لە پیاوەتی کەوتووەکە بە گوڵەگەنمەشامییەک پەردەی کچێنی دەپژێنێت، هەروەها «ژیلا»ی کارەکتەری ڕۆمانی «دەربار»ی خوسرەو جافمان وەبیر دەخاتەوە کاتێک دەزگای سەرکوتکاری «ساواک» بە بێهۆشکراوی بۆ نیازێکی سیاسی بەزۆرداگیری دەکەن و بە بەرچاوی کامیرای ڤیدیۆوە دەیکەن بە ژن و بەو فیلمە ئیبتیزازی دەکەن، بۆ دەستگیرکردنی دڵدارەکەی کە چالاکێکی سیاسییە، بەکاری دەبەن، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکی گرینگدا ئەویش ئەوەیە کە ژیلای «دەربار» و کارەکەرەکەی «حەریم»، پاش ئەوەی لە ڕێی ئیغتیسابەوە پەردەی کچێنی لە دەست دەدەن ئیتر بۆ خۆیان بە چێژێکی لیبیدییەوە لەسەرکاری سێکس بەردەوام دەبن، پاش ئەوەی چێژی ئەو کارە دەزانن. فریشتەش دوای ئەوەی پەردەی کچێنی دەپژێندرێت، لەسەرکاری سێکسی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەمیان نەک لە پێناوی چێژ لێ دیتن، بەڵکو تەنیا و تەنیا لە ترسی کوشتن و بە مەبەستی دەست بە ژیانەوە گرتن، وەدەستهێنانی پەناگەیەک کە لە کوشتن و تۆڵەی کەس و کار و کۆمەڵی بپارێزێت.

بە رای من ئەمەش تێزێکی نوێیە لە بەرچاوخستنی ئەم کارەساتانەدا و جۆرێکە لە پرۆستۆکردنی ئەو هەڕەشە و هەڵسوکەوتە هەڵانەی، کە کەسوکار و کۆمەڵ بە بیانوو و بە ناوی شەرەفپارێزییەوە لە دژی ژنە قوربانییەکان دەیکەن و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە درێژەپێدانی تاوانی تاوانکاران و درێژەکێشانی کارەساتی ئەو قوربانییانەی کە وەکو فریشتە ناچار دەبن لە پێناوی مانەوەدا پتر بە زەلکاوەکەدا ڕۆبچن و ڕاستی تاوانباران بە نهێنی بهێڵنەوە.

ئەم جیاوازییەش لە نێوان فریشتە و ژیلا و کارەکەرەکەی حەریمدا بە جیاوازییەکی

گرینگ و پۆزەتیڤ دەزانم و پێم وایە هەڵوێستەکەی فریشتە لە سروشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردەوارییەوە هەڵدەقوڵێ و هەڵگری پەیامێکیشە بۆ هەمان کۆمەڵگە کە بە کراوەتر لە پەردەی کچێنی بڕوانرێ و هەموو ژیانی ژنی پێوە گرێ نەدرێت، کێشەی ئاواش بە هەڕەشە و تیرۆر و کوشتن، قوڵتر دەبێت و ترس و کارەساتەکە گەورەتر دەکات، نەک چارەسەر، کە زۆربەی کاتیش قوربانی باجەکەی دەدات و تاوانبار لێی دەرباز دەبێت، لە کاتێکدا ئاینەکەشمان ڕێگەی لێبووردن بەو کەسانە دەدا، چ مێ و چ نێر، کە بە زۆر داگیر دەکرێن و تەنانەت ئەرکی «غوسڵ»یشیان ناخاتە سەر.

حەز پێوەندییەکی یەکلایەنەیە و پاڵنەری جەستەیی و بایەلۆجی دەیوروژێنێت و حەزلێکەر تیێیدا حساب بۆ هەست و ویستی حەزلێکراو ناکات، تەمەنیشی کورتە

پێوەندیی نێوان نێر و مێ زۆر بە گرێوگۆڵ و بە پێچ و دەورەیە و حاڵەتە بەرچاوییە ئاشکراکانیشی زۆرن، وەک: حەزلێکردن، برادەری، خۆشەویستی و عەشق. حەز پێوەندییەکی یەکلایەنەیە و پاڵنەری جەستەیی و بایەلۆجی دەیوروژێنێت و حەزلێکەر تیێیدا حساب بۆ هەست و ویستی حەزلێکراو ناکات، تەمەنیشی کورتە.

عیشق بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، هیچ مەرجێکی تێدا ڕەچاو ناکرێ، نە ڕەوشتی، نە ئاینی، نە ئابووری، نە تەنانەت تەمەنیش

برادەری، هاوڕێیەتی نێوان نێر و مێ بە حاڵەتێکی ئێرەتی، دەگۆڕدرێت یان بۆ خۆشەویستی یان دەپوکێتەوە. مەرجیش نییە کە بوو بە خۆشەویستی ئیتر بە زەواج بگات، بەڵام هاوسەنگی خواستی هەردوولایەنی پێویستە و لە باشترین حاڵەتیشدا دەگاتە پلەی خۆشەویستی ئەفلاتوونی.

خۆشەویستی، یا ڕۆمانسییەتیش وەکو برادەریی هاوسەنگی خواست و ڕەزامەندی هەردوولایەنی پێوەندییەکەی گەرەکە، بەڵام بە مەرجی زەواج، یان هەر هیچ نەبێت ئارەزوو بە ئامانجی ژن و مێردایەتی بنیات بنرێ، لە چوارچێوەی داوونەریت و شەرع و یاسادا بگاتە ڕادەی تێکەڵی ڕوح و جەستە. لێرەشەوەیە کە پێوەندی



خۆشەویستی ڕەگەزی جیاواز لە هەموو پێوەندییەکانی نێوان نێر و مێ درێژخایەنتر دەبێ، بەڵام کە تێکیش شکا بە زۆری دەگەڕێتەوە دەبێت بە «ڕک»، یا لە هەندێ حاڵەتیشدا دەبێت بە عیشق، ئەگەر لایەنێک، یا هەردوو جەمسەری پێوەندییەکە لەو تێکشکانەدا هەست بە بێتاوانی جەمسەرەکەی بەرامبەر بکەن.

عیشق، عیشقیش دیسان پێوەندییەکی یەک لایەنەیە، بەڵام پێوەندییەکی ڕوحی نەک جەستەیی. عیشق بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، هیچ مەرجێکی تێدا ڕەچاو ناکرێ، نە ڕەوشتی، نە ئاینی، نە ئابووری، نە تەنانەت تەمەنیش، نە هیچ ئاکامێکی تێدا دەدرێتە چاو، تەنانەت بەدەنگەوەهاتنی مەعشوقیشی تێدا گرینگ نییە. مەهاباد لە چیرۆکی «ئای چەندم خۆش دەوێی» دا خۆی پێی دەڵێت «خۆشەویستی سەوز». عاشق بۆ بە پرۆسەکردنی ئەم پێوەندییە، تەنیا و تەنیا مەعشوقی دەوێ لە دەرەوەی خۆیدا بوونی هەبێ و بۆ عیشقەکەی ببێتە بابەت، کە بابەتەکەشی هەبوو ئیتر چاوەڕوانی هیچ کار و کاردانەوە و پەرچەکردارێکی چاک و خراپ، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لێ ناکات و لە بازنەیەکی ڕوحیدا ئیکتیفا دەکا و نەک هەر بە تەنیا جەستەی مەعشوقەکەی، تەنانەت جەستەی خۆیشی لەبیر دەکا، بۆیە زۆر ئاساییە مرۆڤ خۆشەویستی مەعشوقەکەی بە خۆشەویستی شوێن، یا شتێک، یا خۆشەویستی گیانلەبەرێک، یا بەها یا هەرشتێکی تر بگۆڕێتەوە. تەمەنی عەشق هەمیشەییە و ئاکام یا بە خۆشەویستی لە پێناوی خۆشەویستی و، یا بە خۆشەویستی خوا کۆتایی دێت.

بە ژمارە بێت پیاوان لەم جۆرە پێوەندییەدا لە ژن زۆرترن، بەڵام لەم بوارەدا ژنیش ناوی پرشنگدار و قوربانی مەزنیان تۆمار کردووە، ئەوە: زولەیخا، شیرین، خەج، جولێت و.. هتد بە دەیان شاژن و کچەشازادەیش لە مێژووی ڕاستەقینەی کۆن و نوێشدا کە هەموو ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و مادی و مەعنەوییان لە پێناوی عیشقێکی ئەزەلیدا وەلا ناون.

پیاو بە ڕەتکردنەوەی خۆشەویستییەکەی و ژنیش بە سەپاندنی خۆشەویستی بەسەریدا تێک دەشکێن. تێکشکانێکی گشتگیری ڕوحی و جەستەیی، ئەگەر لایەنی بەرامبەر بە ئەقلانیەت و مەسئولیەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنی تێکشکاودا نەکات.

فریشتە، قوربانی حەزێکی ناڕەوا و خۆسەپاندنێکی نێرینەیەکی نائەقلانی و هەست نەکەرە بە مەسئولییەت، لە کاتێک کە فریشتەیش بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکە و ڕاگرتنی

تاوانەکەش، بۆ ئەوەی نەبێتە کارەساتێکی بەردەوام، پێشنیازی زەواجێکی نەخوازراوی دەخاتە بەردەست. ئەو نەک هەر ڕەتی دەکاتەوە، بەڵکو بە یەکجاری وازی لێ دێنێت و لە هەنگاوێکی پێچەوانەدا بۆ درێژەپێدانی کارەساتەکە، فریشتە دەسپێرێتە خەڵکانی تر.

لێرەشدا فریشتە بە پێچەوانەی ژیلای ڕۆمانی دەربار ڕەفتار دەکا و جارێکی تر شکستێکی گەورەتر دەخوا، بەڵام لە «دەربار»دا یەکێک لە موغتەسیبەکانی ژیلا «میهرداد» سەرەنجام شەیدای دەبێ و داوای زەواجی لێ دەکات، بەڵام ژیلا لە ڕوانگەی ئەوەوە کە ئیتر بە تەنیا پیاوێک بڕی ناشکێ، بە بەردەوامبوونی پێوەندی سێکسی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ئیغتیسابکردنەکەی و بە ڕەتکردنەوەی خۆشەویستییە درەنگ وەختەکەی یەکەم موغتەسیبی و، قبوڵ نەکردنی شووپێکردنی بە فەرمی، ئەو یەکەم موغتەسیبە بەیەکجاری تێک دەشکێنێ و سزایەکی خەستی دەروونی و جەستەیی بەسەردا دەبڕێت.

بە بۆچوونی من تۆڵەکردنەوەی فریشتەیش، تۆڵەکردنەوەیەکە بە جۆرێکی تر، تۆڵەکردنەوەیەکی گشتگیر، کە هەر بە تەنیا کەسی موغتەسیبی یەکەم ناگرێتەوە، بەڵکو سەر تا دامانی ئەو کۆمەڵگەیەش دەگرێتەوە کە لەبەر ژەهراویبوونی بە پیاوسالاری و ئالوودەبوونی لە ڕادەبەدەری بە سیاسەت و سیاسەتسالارانەوە، تەواوی بەها مرۆییەکانی تاکەکانی خۆی نادیدە دەگرێ و مافە کەسییەکانیان پێشێل دەکات. سیاسەتێک کە هەموو بنەما ئاینی و کولتووری و یاساییەکان داگیر دەکات.

فریشتە بە زمانێکی شیعری باڵا و لە ڕێی دەستەیەک دژەوێنەی بەراوردکارییەوە هەر لە سەرەتاوە پەلکێشی

**تەمەنی عەشق هەمیشەییە و ئاکام یا بە خۆشەویستی لە پێناوی خۆشەویستی و، یا بە خۆشەویستی خوا کۆتایی دێت.**

**فریشتە بە زمانێکی شیعری باڵا و لە ڕێی دەستەیەک دژەوێنەی بەراوردکارییەوە هەر لە سەرەتاوە پەلکێشی جەرگەی کێشەکەی خۆیان دەکات**



جەرگەی کێشەکەی خۆیمان دەکات و، وردە وردە هەستی مرۆڤانەمان دەجوڵێنێت و، بە زمانێکی ژنانە منی باڵامان دەورووژێنێ، تا لە گۆشەی ڕوانگەیەکمان توند دەکا و بە پرسیارێکی شەرمنانە، بەڵام پرسیارێک کە تەنیا یەک وەڵام هەڵدەگرێ و، ئیحتیمالی لێکدانەوەی جیاجیا و دڵەڕاوکە نادات، پرسی بڕیارە پێش وەخت دراو و بێ لێکۆڵینەوە و بێ بنەماکانی کۆمەڵمان لە ڕوو دەورووژێنێ.

بە بێ ئەوەی چیرۆکی کارەساتی فریشتە کۆتایی بێت، کابرای دەسەڵاتدار، ئەوەی «جوانی» فریشتەی لێ کرد بە بەڵای ناگەهان و، سەرجەم پرۆژە ژیارییەکەی لێ سەروبن کردەوە، بە ڕێکەوت، لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا بە دەستی دوژمنانی گەل دەکوژرێت. کردەوەی تیرۆریستیش بە پێی سروشتی خۆی، بێ سێ و دوو دەچێتە خانەی سیاسەتەوە، کە لە کۆمەڵگەی ژێردەستی ئالوودەی سیاسەتییشدا، کە سیاسەت هاتە پێشەوە، ئیتر کایە مەعریفییەکانی تر، ئەگەر بە تەواویش نەسڕدرێنەوە ئەوا بێگومان دەخرێنە خانەی پشتەوەی خەمەکانی کۆمەڵەوە. لە دۆخی ئاواشدا دیارە تیرۆرکارییە ئەخلاقییەکانی تیرۆر کراوە سیاسییەکە لە ئیغتیساب و درۆ و دزی و یاساشکێنی لە بیر دەبرێنەوە و لە فەرهەنگی سیاسییەوە نازناوی خەڵات دەکرێ و، دەکرێتە «قارەمان» و بگرە باڵاتریش، کە پێم وایە دەقەکە لەبەر ڕێزگرتنی زەوقی گشتی نەیتوانیوە، یا ڕەنگە نەیوێرابێ خۆی لەتخووبی بدات.

کارەکە لەوانەیە هەر لەو سنوورەدا نەوەستێ و وەکو پیشەی هەموو گەلان، دەشێ شەقام و چوارڕێیان و بگرە قوتابخانە و شتی تریشی بەناوەوە بنرێت. ئەمەش بێگومان پێچەوانەی خواستی فریشتەیە بۆ کەسێک کە سەرجەم ژیانی سەرەوژێر کردووە و، کە لە دوادێڕەکانیدا دەڵێت: «... من هیچ چێژ لەو مەرگەی ئەو نابینم، چونکە ئەو دۆخەی کە منی تێدا کرام بە قوربانی هەر بەردەوامە و، بەو مەرگەی کە ئەویش بە ڕێکەوت بە دەستی دوژمنانی گەل بەدەستی هێنا، نە ناوی بزر دەبێ و نە دەدزرێت..»

لە دێرزەمانەوە لە لای ئەو گەلانەی بڕوایان بە ژیانی پاش مەرگ هەبووە، مردنی جەستەیی نەیاران بەس نەبووە، بۆیە لە دەقە بابلی و فیرعەونییەکاندا بە دەیان تووک و نزا هەیە، کە جگە لە مردنی جەستە داوای «بڕینەوەی تۆو» و «سڕینەوەی ناو»یان تێدا کراوە بۆ دوژمنان، بەڵکو تا ئێستاش لە ناو خەڵک و، لەلای نوشتەکاران و جادووبازان باوە و، کاتێک بیانەوێت ڕوحێکی شەڕانگێز لە نێو بەرن، ناوەکەی، ئەگەرچی و هەمیشە،

لەسەر کاغەزێک دەنووسن و پاشان دەیسووتێنن. بە پێچەوانەی ئەمەش رەنگە بۆ پاراستنی «ناو» بێت گەلان کردوویانە بە پیشە منداڵی نوێ بە ناوی مردووانەوە دەنێن، یا ناوی مردووان لە شوێنە گشتییەکان دەنێن.

کوژرانی «جەنابی دەسەڵاتدارێک»، لە ئەنجامی کارێکی تیرۆریستیدا، با داوێنپیس و تاوانکاریش بێت، بێگومان هەلێک بۆ پاراستنی ناوەکەی هەڵدەخات، کە لە رووی رەمزییەوە درێژەدانە بە ژیانی فیزیکی، ئەمەش لە ویژدانی فریشتەدا جێگەی نابێتەوە. لێرەشەوەیە فریشتە بە بێهیواییەکی زۆرەوە دەڵێ «. ئیتر قسەکردنی من سوودی چییە..؟! تازە هەمووتان بە یەک دەنگ بڕیارتان داوە کێ قەحبەیە و کێ قارەمان!». بێدەسەڵاتییەکی رواڵەتی زۆر بە دواقسەی فریشتەوە دیارە، بەڵام بێدەسەڵاتییەک کە دەسەڵات بە خوێنەر دەدات بە تەواوی دەسەڵاتە وەهمییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا بچێتەوە و، گومان بخاتە سەر هەموو بەها و چەمکە پێشوەختە بڕاوە و باوەکان و، وا دەکات هەر کەسە و لە راستی کات و شوێنی خۆی بگەڕێت.

**چیرۆکی «گوناهی فریشتەیەک!»ی مەهاباد قەرەداغی بە چیرۆکێکی پێرفێکتی قۆناغی دوای راپەڕین دەزانم**

**گوناهی فریشتەیەک بە راستی دەقێکی ژنانەیە و، هیچ بە دووری نازانم کە لە سەر بنەمای رووداوێکی واقیعیش رۆنرابێت**

من چیرۆکی «گوناهی فریشتەیەک!»ی مەهاباد قەرەداغی بە چیرۆکێکی پێرفێکتی قۆناغی دوای راپەڕین دەزانم، قۆناغێک کە چی تر ئاوات و ئارەزوو و ماف و خواستە تایبەتییەکانی مرۆڤی تێدا لە ژێر حوکمی بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکاندا ناپڵیشێندرێتەوە. گوناهی فریشتەیەک بە راستی دەقێکی ژنانەیە و، هیچ بە دووری نازانم کە لە سەر بنەمای رووداوێکی واقیعیش رۆنرابێت.

هەولێر – ١٥ / ١٠ / ٢٠٠٩